www.kurdistannet.org
12-2-2006 11:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەفدی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان سەردانی مۆزەخانەی بە ناوبانگی هیرۆشیما دەکات و لە چەندین کۆر و کۆبوونەوە و کۆنگرەی رۆژنامە گەری لە شارەکانی یابان بەشدار دەبیت.

لە دریژەی سەردانی وەفدی کۆنگرەی ئازادی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بۆ وولاتی یابان، کە لە رۆژانی ٢٨ و ٢٩ کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ دا بەشداری لە کۆنگرەی پشتیوانی لە کۆنگرەی ئازادی عیراقیان کرد وبە دوای ئەوەشدا، بەریز ئازاد احمد لە گەل وەفدی وولاتە بەشدارەکاندا چەندین چاو پیکەوتنی کرد و لە سەر وەزعی نالەباری منالانی عیراق و چۆنیەتی چاك کردنی وەزعی منالان و دەورو نەخشی سەنتەر، قسەو باسی کرد.
هەروەها لە لایەن کەنالەکانی راگەیاندنی وولاتی یابانەوە چەندین چاو پیکەوتن لە گەل بەریز ئازاد احمد کرا و لە سەر وەزعی منالان و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان وتیروانینی سەنتەر لە سەر مەسەلەی منالان، پرسیار و وەلام کرا و زۆر تەئکید لەوە کرایەوە کە تیروانینی سەنتەر تیروانینیکی ئینسانی و دوور لە لە هەر مەسەلەیەکی قەومی و ئایینی و... هتد، ترە.
لە شاری تۆکیۆ چەندین چاو پیکەوتنی تر لە نیوان وەفدی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ودایکان و پەروەردە کارانی منالان لە کۆمیونیتەکان و خەلکانی ئینسان دۆست و بەرگری کەر لە مافەکانی منالان کرا و بیرورا ئالو گۆر کرا.
لە رۆژی ٤-٢-٢٠٠٦ لە شاری ئۆساکا کە دووەم شاری گەورەی یابانە مەراسیمیك بەرپاکرا لە لایەن کۆمیتەی دیفاع لە مقاوەمەی مەدەنی خەلکی عیراق لە وولاتی یابان، کە نزیکەی ٢٠٠ کەس تیایدا بەشدار بوون و لەو مەراسیمەدا کە هاوکات پیشانگای رەسم و وینەی منالانی عیراق کرابووەوە، نوینەری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ووتەیەکی پیش کەش کردوتیایدا لە سەر وەزعی خراپی منالانی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان و کارو چالاکیەکانی سەنتەر قسەی کرد و بە دوای ئەوەشدا کۆمەلیکی زۆر لەو رەسمانەی کە لە پیشانگاکەدا نیشان درابوون، بۆ خەلکەکە نمایش کرا ن و لە لایەن بەریز ئازاد احمدەوە لە سەر هەر وینەیەك رۆشن کردنەوەی پیویست درا. کە قسە وباسەکانی ئازاد احمد جیگای پیشوازی گەرمی ئامادەبوان بوو.
هەر هەمان رۆژ وەفدی کۆنگرەی ئازادی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بەرەو شاری هیرۆشیما بەری کەوتن و بە گەیشتنیان یەکسەر کۆنگرەیەکی رۆژنامە گەری بۆ کەنالەکانی راگەیاندن لەو شارە ساز کراو تیایدا بە دوورو دریژی لە سەر وەزعیەتی کۆمەلگای عیراق و کیشە و مەسەلەکانی خەلك وهەروەها لە لایەن ئازاد احمدەوە لە سەر وەزعی منالان و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان قسە کرا و بە دوای ئەوەشدا پرسیاو وەلام کرا لە نیوان رۆژنامە نووسەکان و وەفدی کۆنگرە ئازادی عیراق و سەنتەر بەرگری لە مافەکانی منالان.
شیاوی باسە وەفدی کۆنگرەی ئازادی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق لە لایەن شارەوانی ئەو وولاتەوە وەکو وەفدیکی ئاشتی خواز کە سەردانی شاری هیرۆشیمای کردووە، پیشوازی لی کرا و جیگای تایبەت بۆ وەفدەکە لە هوتیلی ئاشتی نزیك لە مۆزەخانەی بە ناو بانگی هیرۆشیما دابین کرابوو.

سەعات ١٠ سەر لە بەیانی رۆژی ٥-٢-٢٠٠٦ وەفدی کۆنگرەی ئازادی عیراق و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بە هاورییەتی کۆمەلیك لە رۆژنامە نووسانی ئەو شارە بەرەو مۆزەخانەی شاری هیرۆشیما بەری کەوتن کە لەو شوینە دروست کراوە کە لە رۆژی ٦-٨-١٩٤٥ بە بۆمبی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریکاوە ئەو شارە بۆردوومان کراوە وتیایدا ١٤٠٠٠٠ کەس لە خەلکی مەدەنی ئەو شارە بوونە قوربانی و دوای ئەوەش تا دەیان سال خەلکی هیرۆشیما بە دەست ئاکامە ترسناکەکانی ئەو بۆمبەوە دەیان نالاند وبە دەیان هەزار کەسی تر بوونە قوربانی و شیاوی باسە هیرۆشیما لە ئاکامی ئەو بۆردوومانەدا بە بۆمبی ئەتۆمی یەکپارچە دەبیتە خۆلەمیش.

لە کاتی سەردانەکەدا ویرای لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە راددەی ترسناکی و قوربانیانی ئەو بۆمبارانە، لە لایەن رۆژنامە نووسانەوە پرسیاری جۆراو جۆر لە وەفدەکە کرا و لە لایەن وەفدەکەشەوە ویرای وەلام دانەوەی پرسیارەکان، نارەحەتی قوول ونەفرەتی لە راددە بەدەری خۆیان لە بەرامبەر بە بەکارهینانی بۆمبی ئەتۆمی دژ بە خەلکی هیرۆشیما دەربری.

هەمان رۆژ ٥-٢-٢٠٠٦ وەفدەکە بەرەو شاری ئۆساکا گەرایەوە و لەویشەوە بەرەو عیراق بەری کەوتن دوای ئەوەی کە گەشتیکی سەرکەوتوو وپر بەرهەمیان کرد بۆ وولاتی یابان.

ئازاد احمد
سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان
٢٠٠٦-٢-٧